دیدگایی بیرمەندانی ئیسلامی بۆ توراس:

إسماعيل طه

قسەکردن لەسەر توراسی[1] ئیسلامی قسەکردنە لەسەر دەریایەکی بێ بن، بۆیە بەشێك[2] لە زانایان و بیرمەندانی هاوچەرخ کاتێك باسی توراسی ئیسلامی دەکەن هەر کەسەو بە پێی باگراوندی خۆی باسی ئەو توراسە دەکات، بەهۆی کاریگەری گەورەی توراس بەسەر نەوە یەك لەدوای یەکەکان بەیەکێك لە باسەر هەر زیندوەکان دادەنرێت، بەتایبەت هەندێك کردەی نامرۆڤانە هەیە، کە دەکرێت پاڵپشتیەکی لە توراس بۆ بدۆزنەوە، بۆیە بەردەوام قسەو باسی گرنگی لەسەر دەکرێت، لەم نێوەندەش کۆمەڵێك بیرمەندی گەورەی ئیسلامی لە کتێبی سەربەخۆ باسی توراسیان کردووە هەرکەس لە دیدوتێروانی خۆیەوە شەن وکەوی توراسی کردووە، لەم نوسینە سەرەتا پێناسێکی توراس دەکەین پاشان دەچینە سەر ئەوەی ئایە زانایانی پێشوو چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ توراسکردووە، کەسیان توراسیان بەپیرۆز زانیوە؟ بەتایبەت بۆچوونی زانایانی ئیسلام لەم بارەیەوە گرنگە چونکە ئەوەی ئێستا بەشێکی خەڵك رێگرن لەقسەکردن قسەوفەتواو ئیجتهادی ئەوانە، ئەگەرچی بەلای هەندێك خەڵکەوە قسەکردن لەسەر توراس قسەکردنێکی بێ سودە پێویستە بەیەکجاری خۆمان لەم رابردووە داماڵێینین، بەڵام بەلای بیرمەند وفەیلەسوفێکی وەك د.طە عبدالرحمن خۆسەرقاڵکردن بەتوراس بێ سود نیە، پێی وایە ئەگەر مرۆڤ سەرقاڵ نەبوو بەتوراسی خۆیەوە سەرقاڵ دەبێت بە تواسی خەڵکانی ترەوە[3].

پێناسەی توراس:

سادەترین پێناسەی توراس بریتیە لە کۆی بەجێماوەی نەوەکانی پێشوو، لە هەموو بوارەکان، سیاسی، ئاینیی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی هەمووی پێی دەگوترێت توراس، مادام ئەم کەسە لەپێش ئێمەوە کۆچی دوای کردووە، نوسینی کەسانی وەك عەقاد، تەها حوسێن، محمد مەندور، هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ سیبەوەی، بوختوری، کەسانی تر هەمووی هەر پێی دەگوترێت توراس[4].

بەم پێناسەیە سەرجەم زانستەکان دەبن دەبن بەتوراس، تەنها (وەحی) دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی جیاوازی بکرێت لە نێوان وەحی لەگەڵ توراس[5].

---

١ـ هەرچەندە لەبەرامبەر وشەی (تراث)ی عەرەبی وشەی کەلەپور دەگوترێت، بەڵام ئیستا کە لە عەرەبی دەگوترێت: (تراث) زیاتر مەبەست پێی نوسراوی زانایانی پێشووە لەسەر بابەتە ئاینیەکان.

٢ ـ دیارە قسەکردن لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە لە کورتە بابەتێك تەواو نابێت، پێویستی بە لێکۆڵینەوە درێژ هەیە، چونکە هەر لەوانەی قسەمان لەسەرکردوون پێویستیان بە نامەی ماستەرو دکتۆرا هەیە.

٣ـ حوارات من أجل المستقبل شبكة العربية للأبحاث والنشر ٢٠١١/ لاپەر١٦.

٤ـ مناهج تحقيق التراث د. رمضان عبدالتواب/ الناشر المكتبة النخاجي ١٩٨٥ لاپەرە ٨.

٥ـ بروانە: نظرية التراث. فهمي جدعان/ دار الشروق للتوزيع والنشر ١٩٨٥. لاپەرە ١٩، إزالة الشبهات عن معاني المصطلحات ٢٠١٠/ د.محمد عمارە. دارالسلام لاپەرە ٢٦٧

زاراوەی توراس لە فکری رۆژئاوا بە پاشماوەی شارستانی ورۆشنبیری وئاینی دەگوترێت، رۆحی عەلمانیەت بالادەستە بەسەر فکری رۆژئاوا، بۆیە جیاوازی ناکەن لە نێوان پاشماوەی شارستانی وئایین، لە هەڵسوکەوتیش جیاوازی ناکەن لەنێوان بەرهەمی مرۆڤایەتی وەحی خوای گەورە، لای ئەوان هەمووشت قابیلی رەخنەگرتنە، ئاینیش ملکەچی ئەو مەنهەجە دەکەن، بەبێ هیچ پیرۆزیەك.[٦]

پایەی گوتەوقسەی مرۆڤەکان لە زانایان:

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر گوتەوقسەی زانایانی پێشوو لەژمارە نایەت لەبارەی پیرۆزی نەدان بەقسەی هیچ کەسێك جگە لە قورئان وفەرمایشتەکانی پێغەمبەر لەم سۆنگەیەوە زانایانی پێشوو قسەو باسیان زۆربووە، ئێمە لێرە تەنها قسەی پێشەوایان: شافعی وئەحمەدومالیك و ئەبو حەنیفە دەهێنینەوە، کە هەریەك لەوانە چۆن روانیویانەتە قسەی کەسانی پێشخۆیان، ئێمە هەرەیەکەی یەك قسەیان لێ وەردەگرین:

ئەبو حەمزەی سوکری دەڵێت: گوێم لە ئیمام ئەبو حەنیفە بوو دەیگوت: ئەگەر فەرمایشتی پێغەمبەرمان بۆ هات بەسەنەدێکی راست وەری دەگرین، ئەگەر قسەی هاوەڵانی پێغەمبەر بوو، ئێمە سەرپشکین، ئەگەر قسەی تابعین بوو رەتی دەکەینەوە[٧].

ئیمام مالیك گوتویەتی: من مرۆڤم راست دەکەم وهەڵە دەکەم، سەیری قسەکەم بکەن ئەگەر ئەگەر هاوتا بوو لەگەڵ قورئان وسوننەت وەری بگرن، ئەگەر پێچەوانەی قورئان وسوننەت بوورەتی بکەنەوە[٨].

ئیمام شافعی قسەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە گوتویەتی ئەگەر قسەیەك راست بوو ئەوە مەزهەبی منە. زانایانی تریش لەم بارەیەوە قسەیان زۆرکردووە، بەڵام ئێمە بەوەندە ئیکتیفا دەکەین.

توراس لای بیرمەندانی هاوچەرخ:

بیرمەندانی ئیسلامی بەدرێژایی مێژوو بێ دەنگ نەبوینە لەڕەخنەگرتن لەو شتانەی کە دەنوسرێن، لە سەرجەم بوارکانی ئیسلام، بۆیەش ئەگەر بگەرێنەوە ناو توراسی ئیسلامی توراسێکی دەوڵەمەندمان هەیە، بەشێکی ئەو دەوڵمەندیە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە پانتایەکی فراوان هەبووە بۆ ڕەخنەگرتن، بەڵام لەپێشو هیچ سەرچاوەیەکی تایبەت نەبووە بە شێوازی ئەو ڕەخنەگرتن، زیاتر شێوازەکان لەگەڵ خودی کتێبە ڕەخنەیەکان بووە، لەم رۆژگارەی ئێستاش ئەوانەی قسەیان لەسەر توراس کردوە زۆرن، بۆیە ئێمە چەند بیرمەندێکی دیار هەڵدەبژێرین:

١ـ طه عبدالرحمن

دکتۆر تەها عبدالرحمن دیاترین ئەوکەسانەیە قسەی لەسەر توراس کردوە، خاوەنی کتێبی تایبەتە[٩] لەوبوارە لەچەندین دیمانەی تایبەتیش باسی لە توراس کردوە، ئەو خاوەنی میتۆدی تایبەت بەخۆیەتی کە لە

---

٦ـ التراث والمعاصرة أكرم ضياء العمري سلسة كتاب الأمة ١٤٠٥ هجری/ لاپەرە ٢٩.

٧ـ إذا صح الحديث فهو مذهبي تأليف: الدكتور نايف على بقاعي/ دارالبشائر الإسلامية. لاپەرە ٩٠

٨ـ سەرچاوەی پێشوو ٩٢.

٩ـ تجديد المنهج والتقويم التراث/ ناشر المركز الثقافي ٢٠٠٥ چاپی دووەم

بیرمەندەکانی تری جیا دەکاتەوە ئەوەی د.طه جیا دەکاتەوە، مەنهەجەیەکەیەتی، کە بریتیە ئەویە لە مەنهەجێکی فراوان، یەکێك لەو کەسانەی کە لە مەنهەجی جوزئی دوورکەوتۆوەتەو، پێی وایە بۆ خوێندنەوەی توراس دەبێ دوورکەوینەوە لە بەشبەشکردنی توراس، کاتێك توراس دەخوێنینەوە دەبێت حیساب ئەو کات وشوێنەی بکەین کە ئەو توراسەی تێدا لەدایك بووە، لەبارەی پێوەریش بۆ خوێندەوەی توراس پێی وایە، کە دەبێت مەرجەعەکەی بریتی بێت لە قورئان، چونکە قورئان سەنتەرە لە توراسی ئیسلامی، سەرجەم زانستەکانی توراس لە خزمەت قورئان بوینە بۆیە دەبێ بۆ خوێندەوەی توراس بگەرێینەوە خزمەت قورئان، د.طه نەك بۆ توراس تەنانەت بۆ رووبەروبونەوەی فکرە هاوردەکانی سەردەمی جیهانگیریش پێی وایە قورئان سەنتەرە، پێی وایە لەم سەردەمە "پارێزەرێك نیە لەم سەردەمە لە لافاوی جیهانگیری جگە لە کەشتی وەحی نەبێت"[10].

ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەو میتۆدەیە کە توراسی پێ دەخوێندرێتەوە، بەلایەوە زۆرینەی ئەو تیۆرومیتۆدانەی کە نەقدی توراسی پێ دەکرێت، قبوڵی کردنی بەشێك لە شتە سەلمێنراوەکانی گرانە، ئەگەر قبوڵیش بکرێت قبوڵکردنی ئەنجامەکەی قورسە، ئەگەر قبوڵی ئەنجامەکەشی بکەین قبوڵی جێبەجێکردنی تیۆرەکان قورسە، هۆکارەکەشی بۆ هەڵەی کوشندە دەگێرتەوە لە ناوەرۆکی ئەم تیۆرانە بەرامبەر بە توراس، هەروەها بەشێك لە بانگەشەکارانی ئەو میتۆدانە بەهۆی پەلەکردنەوە توشی حکومدانی بەپەلەبوینە، لەگەڵ ئەوەی دەبوو ئەرکی یەکەمیان ناسینی حەقیقەتی ئەو میتۆدانە بوایە، سەبارەت بەهۆکارەکانیش پێی وایە بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ لاوازی توانای ئەو کەسانە، کە ئەو میکانزمە میتۆدیە عەقلانیەو ئیدۆلۆگیانە.[11]

لە بارەی توراسەوە داوا دەکات کە واز لەخۆداڕنینی گشتی بکەین لە توراس، بەلایەوە شتەکان رێژەین، هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە، ئەو بانگەشەیەی کە بیرمەندانی عەرەبی بۆ گەردونیەتی فکری رۆژ ئاوا دەکەن، ئەو رەتی دەکاتەوە، پێی وایە شارەزای تەواویان نیە، ئەگەر باسی رەخنەگرتنیش بکرێت، پێی وایە توانای ئەوەیان نیە رەخنە لە فەلسەفەی رۆژئاوا بگرن، پێیان وایە هیچ بەدیلێك نیە بۆ فکرو فەلسەفەی رۆژئاوا.

ئەو بەهەموو شێوەیەك رێگرە لە پشتکردن لە توراس" مادام توراس بریتە لە چەندین روداوی زانراو، هەر تەنها دەبێت نەك فرەیی، ئەگەر رێگاکانی گەیشتن بەو روداوانە بە ئەندازەی ژمارەی بیرمەندابوایە، ئەوکات خۆیان پێ سەرقاڵ نەکرد[12].

پێی وایە خۆسەرقاڵکردن بە توراس نابێت بەهۆی بارودۆخی رۆشنبیری وسیاسیەوە بێت، بەڵکو ئامانجی ئەو لە خوێندەوەی توراس قسەکردنە لەسەرخودی توراس، لە پێناو لێکۆڵینەوەی بابەتیە وبە پێی تێروانینی زانستی تەواو، نەك سەرقاڵ بوون بە ئامانجی مۆدێرنەکردن وعەقلانی کردن وریفۆرمکردن[13].

---

١٠ــ روح الحداثة/ ناشر المركز الثقافي/٢٠٠٦ لاپەرە ٨١

١١ ــ حوارات من أجل المستقبل لاپەرە ١٧.

١٢ــ حوارات من أجل المستقبل.

١٣ــ حوارات من أجل المستقبل لاپەرە ٢٢

بۆ خوێندنەوەی توراس چوار ڕێسای داناوە:

یەکەم: بۆ خوێندەوەی توراس پشت بە لای کەمی پشت بە دەقی توراسی ببەسترێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ناوەرۆکەکان، لەپێناو گەیشتن تێگەیشتن لە ناوەرۆك، هۆکارەکەی ئەوەیە کە توراسی ئیسلامی بەشێکی زۆری بریتیە لەو میکانزمانە، بەتایبەت زمانەوانی ومەنتیقی (لۆجیکی).

دووەم: پێویستە گرنگی بە پێشهات (مستجدات)بدەین لە میتۆدەکان، نەك میکانزمەکانی توراس، یاخود شاردنەوەی، ئەمەش لەپێناو دەرخستن ونوێکردنەوەی ڕەخنەیە، هەروەك تەنها داڕنینی میکانزمەکان لە توراس بەس نین، بەبێ زیادکردنی پێشهاتی میتۆدی، چونکە ئەو داڕنینە هیچ شتێك زیاد ناکات.

سێیەم: ئەو میکانزم ومیتۆدە دەرکیانەی کە بۆ خوێنەوەی توراس وەردەگیرێن، بەر لەوەی توراسی ئیسلامیان پێ بخوێندرێتەوە، پێویستە بخرێنە ژێر ڕەخنە، بۆ ئەوەی روون بێتەوە، کە تاچەند گونجاوە، بۆ نمونە ئایە میکانزمی عەقڵانیەتی رۆژئاوایی چەند گونجاوە بۆ خوێندەوەی توراسی ئیسلامی، ئەوەی من پێی گەیشتووم، ئەو چەمکە گونجاو نیە بۆ خوێندەوەی توراسی ئێمە، چونکە عەقڵانیەتی رۆژئاوایی لەسەر بنەمای داماڵینی تیۆری بنیاتنراوە، عەقڵانیەت لە توراسی ئێمە لەسەر ئاراستەکردن بەرەوکاکردن بنیاتنراوە.

چوارەم: پێویستە لە پێژینگ دان یان ـ ئاوێتەکردن ـ ئاوێتەکان یەك ئاراستە نەگرن، لە بێژینگدان یان ـ ئاوێتەکردن ـ نابێت بە گوێرەی میکانزمی رۆژئاوایی بێت، بەڵکو دەبێت بە پێچەوانەوە بێت، لەبێژینگدان وئاوێتەکردنەکە بەهۆی میکانزمی ئیسلامی بێت، بەهۆی ئەوەوە ڕێگای داهێنان لە پێش بیرمەندی ئیسلامی دەبێتەوە.

ئەوانەی باسم کرد کۆڵەگەی ڕێساکانە، کە من پەیڕەوم کردوو، نەك تەنها بۆخوێندەوەی توراس، بەڵکو بۆ هەموو هەوڵەبەردەوامەکانم لە دەستپێکردنی پێشکەکردنی مەریعریفەی ئیسلامی[١٤].

کتێبی(تجديد المنهج في تقويم التراث) بە دیارترین سەرچاوەی هاوچەرخ دادەنرێت، لە نوێکردنەوەی مەنهەج، ئەو کتێبە یەکێکە لەو کتێبە ڕەخنەیانەی لە پرۆژەکەی د.محمد عابدالجابری دەگرێت، پێی وایە جابری بۆ ڕەخنەگرتن لە توراس پشتی بە عەقڵانیەت بەستووە، لەگەڵ دابران لە توراس، جابری بانگەشەی نزیکی توراس دەکات لە رووی بابەتی ومێژوویی لە عەقڵانیەتی رۆژوئاوا، لەگەڵ داواکردنی چەسپاندنی دابڕان لەگەڵ توراس بۆ چاسەرکردنی بابەتیانەی ئەو کێشەیە، دروستکردنی ڕێگای بەردەوامی، یان دەست پێکردن، پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایە جابری بەکردەی ئەو دابرانەی کردووە لە تێگەیشتنی توراسی بۆ توراس؟ ئەگەر هەڵوێستی ئیجابی بێت لە توراس وا دەخوازێت کە ڕەتکردنەوەی توراس هەوڵوێستێکی نازانستی، نامێژووی بێت[١٥].

د.طه جابر العلواني

---

١٤ـ حوارات من أجل المستقبل لاپەرە/ ٢٠و٢١.

١٥ـــ إبراهيم مشروح، طه عبدالرحمن، قراءة في مشروعه الفكري/ مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي٢٠٠٩ ١٥٢.

هەركات باس لە توارس بكرێت بێ باسكردنی دیدو تێروانینەكانی د.عەلوانی وەك ئەوەیە باسی هیچ شتێك نەكرابێت، عەلوانی بەیەكێك لە كەسە هەر دیارەكارەكان دادەنرێت لە قسەكردن لەسەر توراسی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەی عەلوانی كەسێكە زانایەكی بەهێزی بواری أصول الفقه، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بۆ بۆچونەكانی پشتی بەقورئان دەبەستێت، عەلوانی یەكێكە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئیسلامیەتی، المعرفە، توانیویەتی لەرێگای ئەم قوتابخانەیە كاری باش بكات بۆ خوێندەوەی توراس، لەم كورتە بابەتە هەوڵ دەدەین چەند تیشكێك بخەینە سەر دیدو تێروانینەكانی د.عەلوانی.

بەر لە هەمووشت لای علوانی قورئانی پیرۆز سەنتەرە بۆ هەموو پرسەكان بۆیەش تركیز لە سەر گەرانەوە دەكات بۆ پرسەكانی رۆژگار، ئەمەش هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە قورئان لای عەلمانی لەدەرەوەی بازنەی كات وشوێنە، لەم بارەوەش قسەی خۆی هەیە لە چەندین شوێن ئاماژەی پێداوە، ئەو پێی وایە مانگەشەكارانی (تأريخيه القران) نەیانتوانیوە بروا بەوە بكەن، كە قورئان كەلامی خوای گەورەیە بۆیە بە ناچاری پەنایان بۆ شتێك بردووە، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، ئەوان جیاوازیان نەكردوە، لە نێوان زمانی قورئان وزمانی زمانی عەرەبی، ئایەتی قورئان وقەسیدەیكی ئیمری لقەیس نەكردوە، بۆیە بەناچاری پەنایان بۆ ئەوە بردووە كە خیتابی قورئان تایبەتە بەو كەسانەی لەو سەردەم بوینە، ئەوانەی لە دوای پێغەمبەرەوە هاتون، ئەم خیتابانە نایان گرێتەوە، لەمەدا مسوڵمانان كەوتونەتە هەڵە، چونكە ئەوان ئەوە لە هێرمۆنیتیكا ئەوە فێربوون دەبێ زهنی نوسەر بخوێندرێتەوە، كاتی گوتارەكەی، شوێنەكەی، رۆشنبیری ودەورەبەرەكەی، بۆیەش ئەرگۆن وشحرو تەیب تەیزینی لەبری بروا هێنان بە وەحی بونی قورئان بروایان بە مێژوویەتی قورئان هێناوە[16] .

توراس وەڵامی پرسەكانی سەردەم:

بەلای عەلوانیەوە یەكێك لە گرفتەكانی مسوڵمانان دووركەوتنەوەیە لە قورئان، لەبری گەرانەوە بۆ قورئان دەگەڕێنەوە بۆ توراس، ئەوەش مێژوویێكی درێژی هەیە لەم كاتەوە دەستی پێكردووە كە عبدالعزیز باوكی خەلیفە عومەر لە ساڵی ٨٣ كۆچی بیركردەوە، كە فەرمودەكانی پێغەمبەر كۆبكاتەوە بۆ چارەسەكردنی ناكۆكیە فقهیەكان لەبری ئەو فقهە ناكۆكیەی كە زانایان دایان هێنابوو، ئەوە زانایان خۆیان سەرقاڵ كرد بەسونتەكان دووركەوتنەوە لە قورئان بەبیانوی ئەوەی ئەوەی لەسوننەت هاتووە لەقورئانیش هاتووە، سوونتەكانیان دەكردە بەڵگە لەسەر فەتوای زانایانیان، دواتر وازیان لەوەش هێنا فقهیان كرد بەهەموو دین، تەنانەت كەسێكی وەك كەرخی حەنەفی دەڵێت: هەمو ئەو ئایەتانەی كە پێچەوانەی ئەوەن كە هاوەڵانمان پەیرەوی دەكەن، یان نەسخ كراونەتەوە، یان دەبێت تەئویل بكرێن، بەم جۆرە ئێستا دەبێت فەرع شوێن ئەصڵ بكەوێت[17] .

---

١٦ــ بروانە: دعوى تاريخانيَّة القرآن د. طه جابر العلواني موقع الزهاوي

١٧ــ الجمع بين القراتين د.طه جابر العلواني/ دارالسلام ٢٠١٤ لاپەرە ١١.

ئەم گۆرانکاریە کاریگەری گەورەی بەجێهێشتووە لەسەر مسولْمانان، ئەو بۆ ئەمە بە پێویستی دەزانێت مسولْمانان بگەڕینەوە بۆ قورئان، چونکە فقهی کۆن چاسەری کێشەکانی ئەمرۆی پێنیە، کاتێکیش کە لە ئەمریکابووم رۆژانە حەوت تا دەپرسیارم ئاڕاستە دەکرا بۆوەلآمدانەوەی ٩٥٪ پرسیارەکان پرسیاری تازە بوون، زانایانی پێشوو باسیان نەکردبوو، دەگەڕامەوە بۆ کتێبە درێژەکانی وەك: المغنی إبن القدامه، محلی إبن حزم، المسبوط السرخسی، الأم للشافعی، وەلآمێکی تێدا نەبوو دلّم رۆشن بکاتەوە بۆ ئەم پرسیارانە، دەبوو وەلآمێکی لە توراس بۆ بێنم کە بۆ ئەم پرسیارانە نەدەبوو، ئەم حالّەتە وا لە مسولْمان دەکات توشی بێ هیوای بێت، کە ناتوانێت رووبەڕووی واقعی خۆی ببێتەوە، لەکۆتایی گەیشتم بەوەی کە دەبێت فقهێکی تازە بەرهەم بێت کە وەلآمی پرسیارەکانی ئێستامان بداتەوە[١٨].

بۆ تەعامل کردن لەگەلْ توراس سێ دەبێت سێ ئاست تێپەڕێنین:

ئاستی یەکەم: نابێت توراس بەگشتی رەت بکرێتەوە، وەك عەلمانیەکان دەکەن.

ئاستی دووەم: نابێت بە گشتی وەربگیرێت وەك توراسیەکان دەکەن.

ئاستی سێیەم: نابێت خوێندەوەمان بۆ توراس هەڕەمەکی بێت بە بێ میتۆدی زانستی بێت[١٩].

عەلوانی لە نوسینەکانی وەلآمی زۆرشت دەداتەوە، قسەیەك کە زۆربەی جار خەلّکانێك دەکەن، ئایە تۆ دەگەیە ئاستی فلان ئیمام؟

لە ئەزهەر لیژنەیەك هەبوو پێی دەگوترا (تاقیکردنەوەی دیاریکردن) کتێبێکیان دەهێنا لاپەرەیەکی بۆ دەکریەوە، پێیان دەگوتی: بخوێنەوە شەرحی بکە لەبەرامبەر ئەم لیژنەیە لایەنی بەلاغی و مەنتقی وزانستەکانی تری شیدەکردەوە، بەلْگەی دەهێنایەوە رەتی بەلْگەی تری دەکردەوە، بەم جۆرە قوتابی تاقی دەکرایەوە، ئەوەی دەیگوت هیچی تازە نەبوو، بەلْکو هەمووی شتی توراسی بوون، ئەگەر واز لە رەخنە بێنین ئەمە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی نەزانی ودواکەوتوویمان، ئەگەر هەموومان هەلْسین بەم کارە کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە[٢٠].

لایەنێکی تر کە عەلوانی سەرسەختانە دیفاعی لێ دەکات، بریتیە لە زانستەکۆمەلآتیەکان، وەك پێداویستی هاوچەرخ، ئەمە جگە لەوەی وەلآمی ئەو رەخنانە دەداتەوە، کە رەخنە لە مسولْمانان دەگرن، کە داهێنانی فکری وفەلسەفیان نیە، تەنها سەرقالّی گێرانەوە بوون، ئەو بەتوندی ئەو بۆچونە رەت دەکاتەوە، کە موسلْمانان ئەگەر لە پێش گەلانی تر نەبووبن، ئەوبۆچوونە رەت دەکاتەوە، پێی وایە توراسی ئیسلامی

---

١٨ـ تطور المنهج المقاصدي عند المعاصرين مدارسة مع الشيخ طه جابر العلوانى حوار زينب العلواني، المعهد العالمي للفكر الإسلامي ٢٠١٢ لاپەرە ٢٢

١٩ــ مقدمة في إسلامية المعرفة د. طه جابر العلوانى دارالهادي ٢٠٠٩ لاپەرە ١٣٤

٢٠ سەرچاوەی بیشوو. لاپەرە ١٤٥

بەگوێرەی زەمەنەکان بووە، بۆ ئەمەش دەڵێت: علمی کلام و فەلسەفە دوو نمونەی زیندون، هەروەها توراسی ئیسلامی چۆن تعاملی لەگەڵ زاستە مرۆڤایەتیەکان کردووە:
یەکەم: زانستەکۆمەڵایەتی مرۆیەکان لە توراسی ئیسلامی بنەمای بۆ دانراوە لە فەلسەفەی ئیسلامی ئەوەی پێویست لەو زانستەکانی کەلام و فرەق.

د.محمد عمارە:

یەکێك بیرمەندە دیارانەی کە قسەی خۆی لەسەر توراس هەیە د. محمد عمارەیە، جگە لەوەی خاوەنی دیدوتێروانینی خۆیەتی لەسەر توراس رۆڵی گەورەی بینیوە لە کۆکردنەوەی توراسی بیرمەندانی وەك جمال الدین الافغانی ومحمد عبدە، عبدالرحمن الکواکبی وچەندان بیرمەندی تر، هەروەك چەندین نوسراوی زانایانی پێشوی تحقیق کردووە، عمارە بەیەکێك لە بیرمەندە دیارەکان دادەنرێت کە خاوەنی دیدو تێروانی خۆیەتی، هەوڵ دەدەین کەمێك لە دیدەکانی بخەینە روو لە قسەکردن لەسەر توراسی ئیسلامی.
یەکێکە لەو کەسانەی قسەی زۆری لەسەر توراس کردووە، ئەمە جگە لەوەی چەندکتێبێکی تایبەت بە توراس نوسیوە، لەوانە: (التراث والمستقبل) و(نظرة جديدة إلى التراث):

دابەشکردنی توراس بۆ چەند ئاستێك:

د.محمد عمارە توراس دابەش دەکات: توراسی ئاینی، توارسی ئیسلامی، توراسی فکر، زانستی، رۆشنبیری، شارستانی. ئەمانە یەك ئاستیان نیە، لای بەڵکو چەند ئاستێکی جیاواز.
بۆ نمونە قورئانی پیرۆز (مقدس)ە سەرچاوەی یەکەمە، لەگەڵ ئەوەشدا دابەش بووە بۆ چەند ئاستێکی جیاواز، بۆ نمونە لەقورئان چەند ئاستێکی جیاواز هەیە: (محکم) (قطعي الثبوت) کە ئەوانە جیاوازی وەرناگرێت لە تێگەیشتن وتەفسیرکردن، بەهەمان شێوە سوننە هەندێکی متواترە ــ قطعی الثبوت ــ بەهەمان شێوە سوننە چەند ئاستێکی تری هەیە، لەوانە روونکردنەوەی ئایاتی قورئان، یان بە واتایەکی تر جێبەجێکردنی ئایەتی قورئان[٢١].

٢١ــ إزالة الشبهات عن معاني المصطلحات/ د.محمد عمارة دارالسلام لاپەرە ٢١٥

دوای ئەمانە توراسی گەلان دێت ئەوەی مرۆڤەکان دایان هێناوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان، ئەمانە پیرۆز نین، پارێزراویش نین لە هەڵەو کەم وکوری، بەڵام سەرمایەکی معریفی بەهێزن، مرۆڤ دەتوانێت سودەمەند بێت لێیان[22].

ئەگەرچی بەشێك لە بیرمەندان ونوسەرانی هاوچەرخ پێیان وایە پرۆسەی خوێندەوەی رەخنەیانە بۆ توراس شتێکی تازەیە، لە پێشودا توراس وەك پیرۆز سەیرکراوە، بەلام د.محمد عمارە ئەم بۆچونە رەت دەکاتەوە پێی وایە هەر لەسەرەتاو زانایانی ئیسلامی لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکان گرنگی زۆریان بە وەرگرتنەوە رەتکردنەوەی معریفەی مرۆڤەکان داوە، تەنانەت لە وەرگرتنی فەرموودەکانی پێغەمبەریش وردەکاری زۆرکراوە ئینجا وەرگیراوە، کەسێکی وەك ئیمام بوخاری دوای کۆکردنەوەی هەزاران فەرمودەی پێغەمبەر ئینجا صەحیحەکەی دادەنێت لەگەڵ دانانی چەندین یاساو رێسای بەهێز لەپێناو دورکەوتنەوە لەهەڵە[23].

ئەگەر سەیری کتێبەکانی تەفسیر بکەین، بەهەمان شێوە چەندین وردەکاری تێداکراوە، کتێبی عەقیدە، شەرع، أصول الفقه، تصوف[24].

خاڵێك کە زۆر پێی مەترسیدارە قسەکردنی زۆر هەڵدەگرێت، ئەویش مێژووی موسڵمانانە، چونکە مێژوونوسان هەموو بیستراوێکیان نوسیتەوە، بەبێ وردەکاریکردن، هەروەها دەڵێ باشترین بەڵگەیە کە ناونراوە بە(ئاژاوە گەورەکە)[25].

لەگەڵ ئەوەی توراسی ئیسلامی کاری زۆری بۆ بکراوە بەڵام هیشتا نەبوە بە کارێکی گرنگ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری توراسی ئیسلامی داگیرکراوە، زۆرێك لە دەستنوسەکانمان لە کتێبخانەکانی وڵاتی دەرەوەن ، کە بەهۆی بەهێزی ئەوان ولاوازی ئێمە لە کتێبخانەو مزگەوت کەنیسەکانمان بردوویانە[26].

بۆ خوێندەوەی توراس پێویستمان بە پلانێکی تۆکمە هەیە، کە بۆ ئەوەی بتوانین بە میتۆدێکی زانستی توراسی ئیسلامی بخوێنینەوە، ئەو دەقانەی ساغ نەکراوەتەوە ساغیان بکەینەوە[27]. پشتی بەستووە بە نوسراوێکی شێخ محمد عبدە، کە پێشنیاری کردوە بۆ ئەزهەر چۆن تەعامل لەگەڵ توراس بکەن، لەم نامەیە دەڵێت: پێویستە قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەر وەردی بخوێندرێنەوە، بەگوێرەی بنەماکانی زمانی عەرەبی رێسا زانستیە دروستەکان.

هەروەها بیروباوەری ئیسلامی پاك بکرێتەوە لە داب ونەریت رێکبخرێتەوە لەگەڵ بنەما دروستەکانی ئیسلام.

---

٢٢ــ سەرچاوەی پێشو.

٢٣ــ سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٢٦٩

٢٤ــ سەرچاوەی پێشو ٢٧٢.

٢٥ــ سەرچاوەی پیشوو ٢٧٥

٢٦ التراث والمستقبل. محمد عمارة دارالسلام/ لاپەرە٢٥

٢٧ــ سەرچاوەی پێشوو٢٢

جارێکی تر فیقهی ئیسلامی دابڕێژرێتەوە دوور بخرێتەوە لە هەموو تەعەسوبێکی مەزهەبی، ئەم خوێندەوەیە دوور بێت لە زیان گەیاندن بەوحکومانەی کە دەقی قورئانی لەسەر هاتووە[٢٨].

---

٢٨ـ سەرچاوەی پێشوو ٢٨٢.